# کۆماری کوردستان بێ ئالاّ بوو؟

عەباس شوان
a.shiwan@ikurd.com

بەرەواڵی سالاّنی ڕابووردوو، لە دەرەوە و ناوەوەی کوردستان بە بۆنەی ساڵوەگەری دامەزراندنی کۆماری کوردستان ەوە (2ی ڕێبەندان) بە شێوازی هەمەرەنگ ئەو یادە لە لایەن دامودەزگا جۆراوجۆرەکانی کوردەوە بەرز ڕادەگیرێ.




کوردانی فینلەندیش لەو کاروانە دوانەکەوتوون، شانازی ئەو یادەیان پێبڕاوە. بە دەستپێشکەری و بانگەوازی کۆمیتەی فینلەندی پارتی دیموکراتی کوردستان _ ڕۆژهەلاّت و کۆمەڵەی ئاشتی بۆ کوردستان، شەوێکی کوردییان بۆ ئەو مەبەستە لە شاری HELSINKI، ڕێکەوتی شەممە 26 .1 .2002 ڕێکخست.

بەرەنامەی شەوەکە، سەرەتاکەی بۆ سیاسەت تەرخانکرا بوو، بێجگە لە وتاری دەفتەری سیاسی کە لە لایەن ئەیوب سووریەوە خوێندرایەوە، نوێنەرانی پارتە سیاسییەکانی باشوور (KDP) و (PUK) و ڕێکخراوەی ژنان و لاوانی پارتی دیموکرات _ ڕۆژهەلاّت خوێندرایەوە.

دوابەدوای سیاسەت کە وەختێکی کەمی پێبڕا، نۆرە هاتە سەر بەشی جوان و ڕازاوەی شەوە کوردییەکە، ئەویش هەڵپەڕکێ و گۆرانی و ئاوازی پڕ جۆش و خرۆش، هاوئاهەنگ لەگەڵ دەنگی بەسۆز و هەژێنەری هەردوو گۆرانی بێژانانی ناسراو کەمال محەمەد و کاردۆ شێخۆ. . . هەردوو سترانبێژان بەنۆرە تا شەوێکی درەنگ کوردانیان کە نزیکەی هەزار کەسێك دەبوون، کەیلی شادی و خۆشی کرد.

سەرنج و تێبینییەکان:

– لەبەشە سیاسییەکەیدا وتاری پارتەکانی باشوور بەبێ پارتی کۆمۆنیستی کوردستان خوێندرایەوە !پارتەکانی ڕۆژهەلاّتیش بەتایبەتی هەردوو کۆمەڵەی عەبدوڵلاّی مەهتەدی و ئیبراهیمی عەلیزادە دەنگیان نەبوو، وەك لە هەسووڕێنەرێکی مەراسیمەکەم بیستم هەر سێ لا ئاگایان لەیەکتر نییە ! پێکەکەیش لەبەر ئەوەی بە شەخشی و ڕەسمی نەچووبوون بە دوایاندا نەهاتبوو، جا کێ دەڵێ لەبەر دڵنەڕەنجانی کۆماری ئیسلامی ئێران وایان نەکردووە؟!

– ڕێکخراوە جەماوەرییەکانی پارتی دیموکرات_ ڕۆژهەلاّت بە قوورساییەکی زۆرەوە بە تایبەت لاوان خۆیان نمایش کرد، بە گشتی ڕێژەی گەنجان و لاوان لە چاو خەڵکانی تەمەن گەورە و ئاهەنگە کوردییەکانی لەمەوبەر فرە زۆر بوون، بۆ یەکەم جاریش نوێنەری ڕێکخراوەی ژنان وتاریان پێشکەش کرد.

– نێو هۆڵەکە بە وێنەی ڕابەرانی گیانبەختکردووی کوردایەتی وەك قازی محەمەد و دکتۆر قاسملۆ و شەرەفکەندی هەروەها ئارمی پ. د _ ڕۆژهەلاّت و چەند دورشم بە زمانی کوردی و فینلەندی ڕازێنرابووەوە،

**ئەوەی نەدەبینرا بشەکێتەوە یان ئەو کوفرەی کە کرا (بە تەعبیری ئیسلامی نا ) ئەو ئالآیە بوو کە پێکهێنەرانی کۆمارەکە و ملیۆنەها کوردی دیکەی تری لەسەر شەهید کران !**

**– لەپەراوێزی ئاهەنگەکەدا قسەوباس لەبارەی هێرشی دەزگاکانی ڕاگەیاندنی سویدی و فینلەندی لەجەرەیاندایە، کرا لە دژی کورد بەگشتی، دوا بە دوای تیرۆر کردنی ڕابەری هوشیار و بەئاگا( فاتمە کەندالّ )، هەوڵدان بۆ ڕاست و ڕۆشنکردنەوەی ئەو دیدە نێگەتیڤانەیە و پیشاندانی لایەنی ڕۆشنی کەلتووری کوردی.**

**– بە قەوڵی کوردی دنیا چاك دەبێت چونکە لەنێو جەماوەری ئامادەبوودا ژمارەیەك لە ڕابەرانی ناسراوی کۆمۆنیستی کرێکاری _ باشوور دەبینرا، ئەمە لە کاتێکدا یەکێك لە بەرپرسانی ئەو تەوژمە سیاسییە بە ناوی ڕەحمانی حسەینزادە وە زۆر دڵرەشانە لە ماڵپەری کوردستان نێتدا وتارێکی لەسەر ئەو یادە نووسی و بڵاوکردەوە!**

**خوێنەرانی بەرێز/**

**داوای لێبووردن دەکەم چەند وێنەی ئاهەنگەکەم گرتبوو بە هۆی گرفتی تەکنیکی لە کۆمپیوتەرەکەمدا نەتوانرا، تێهەڵکێشی ڕاپۆرتەکەی بکەم.**